# هەر شەکاوەبێت ئاڵای کوردستان

بڕیاری داگرتنی ئاڵای بەعس ، ئەنفال و جینۆساید ، لە کوردستاندا ، بڕیارێکی هۆشمەندانەیە و مایەی دڵخۆشیی چەپەکانی کوردستانیشە و ئاوڕدانەوەیەکە لە ویژدان و ڕێزگرتنێکیشە لە شەهیدان و کەسوکاری ئەنفالکراو ، هەڵەبجەی شەهید ، بارزانییە بێ سەروشوێنکراوەکان و سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلەکەمان.

پارتی چەپی کوردستان پشتگیریی تەواوی خۆی لە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم ، بۆ داگرتنی ئاڵای عێراق لە کوردستاندا ، دەرئەبڕێت.

هیوادارین کە سەرۆکایەتی هەرێم هەر بەو هۆشمەندییەشەوە ڕیزەکانی گەل و پێشمەرگە و هێزە بەرگرییەکان یەکبخەن ، بۆ ئەوەی کە ئامادەبن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر دەستدرێژییەکی دوژمنانی گەلەکەمان و داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان.

گومان لەوەشدا نیە کە پتەویی و یەکبوونی ڕیزەکانی گەل کاتێك ئەبێت کە دەزگاکانی دەوڵەت ، چاکسازیی و پاکسازییان تیادا بکرێت ، گەندەڵیی و دزیی و جەردەیی ، دەوڵەمەندبوونی بەرپرسان لەسەر حسابی هاونیشتمانییان و سامانی گەلەکەمان نەمێنێت و هاونیشتمانیی بەبێ گوێدان بە بیروباوەڕ و ڕێچکەی سیاسی ، حکومەتەکە بە حکومەتی خۆی بزانێت!

جەماوەری گەلەکەمان هەمیشە سەرچاوەی گیانیی و ماڵیی هەموو بزوتنەوە و شۆڕشێکی گەلەکەمان بووە و هەر بەو شێوەیەش ئەمێنێتەوە ، بەڵام بۆ پتەوکردنی شیرازەی نێوان جەماوەر و حکومەتی ئەمڕۆی کوردستان و لەم بارودۆخە ناسکەدا ، ئەبێت دەسەڵاتداران بە زووترین کات کێشە هەمەجۆرە و زۆرەکانی ڕۆژانەی جەماوەری چەوساوە و هەژار و کەمدرامەتان چارەسەربکەن و پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان بۆ دابینبکەن ، وەك ئاو ، کارەبا ، سوتەمەنی ، خزمەتگوزاریی تەندروستیی و هەمەجۆرەکان ، کەمکردنەوەی کرێی خانوو ، دابینکردنی خانوو بۆ ئەو دەیان هەزار ئاوارەیەی کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە لە پاریگای کەرکوکدا ژیانیان بەوپەڕی کۆڵەمەرگییەوە ئەبەنەسەر ، هەروەها باشترکردنی ژیانی ڕۆژانەی هاونیشتمانییان بە شێوەیەکی گشتیی.

هەر شەکاوەبێت ئاڵای کوردستان

**پارتی چەپی کوردستان**

2006-09-05